# کۆتایی هینان بە تاوانەکانی کوشتنی ناموسی ژنان کاری ئیمەیە

## ووتەیەک بۆیادی دووهەمین سالەی کوشتنی هیشوو عبداللە



سەوسەن سەلیم
Sawsan.s@ukonline.co.uk



هێشو، پیلا، فادیمە

دووسال لەمەوبەر لەرۆژی 2002/10/12دا هیشوو کچەلاوی تەمەن 16 سال دلرەقانە دەکەویتەبەر رقی ناموسپەرتی باوکی و لەحەمامی مالەکەیاندا بەچەقو گیانی لەتوپەت دەکری. باوکی هیشو خولە کۆمەلە کە ئەندامیکی ناسراوی یەکیتی نیشتمانی کوردستانە بۆ تەبریرکردنی تاوانەکەی لە نهۆمی سیهەمی مالەکەیانەوە خۆی دەخاتە خوارەوە و دواتریش لەلایەن کەسوکار و حیزبەکەیەوە پرووپاگەندەی ئەوە بلاودەکەنەوە کەگۆایە ئەم رووداوە لەئەنجامی دەست دریژی‌یەکی راسیستی و ناحەزانیکەوە بووە کە نەیارن بەخیزان و حیزبەکەی. بەلام دواتر کە خولە کۆمەلە لەبەردەم لیپرسینەوەی دەزگاکانی پۆلیسدا خۆی دەبینیتەوە ناتوانی تاوانەکەی بپۆشی و دان بەتاوانەکەیدا دینی. هیشووی قوربانی لەم رووداوە نامرۆڤانەیەدا تەنها تاوانی ئەوە بووە کە لەدەرەوەی فەرهەنگی کۆنەپەرستی و دواکەوتوانەی باوك و خیزانەکەی، ویستویەتی وەك هەرئنسانیکی ئازادە پەیوەندی بگری وژیانی خۆی هەلبژیری. بەلام ئەم مافە بەسنورشکاندنی عادات و تەقالیدو شەرەف و ناموسی خیزان و تیرەو نەتەوە و ئاینیك پیوانە گیراوە کەبە"فەرهەنگی خۆولاتی" بەدنیای دەرەوە ناسیندراوە. فەرهەنگیکی پیاوسالاری وناموسپەرستانە کەدەتوانی لەپشتی ووشەکانی"خیانەت وعار و لادان"ەوە دەستی براوباوك و میرد ئاوەلابکات کەبۆگیرانەوەی شەرەف و ناموسی خیزان و نەتەوە سەربەرزانە چارەنوسی هەر ژن و کچیکی لاو بەکارەساتیکی دلتەزین بسپیری. هیشوو بەرلەمەرگی لەنامەیەکدا بۆ باوکی دەنوسیٚ:

"خوا حافیز بابە.. ببورە من گیروگرفتم دروستکردبوو.. من و تۆ لەوانەیە هەرگیز لەیەکتر تینەگەین، بەلام بەداخەوەم کەمن ئەوە نەبووم واتۆ دەت ویست، ئەمە شتیک نیيە تۆ بتوانیت بیگۆری.. من ریگایەك دەبینمەوە کەبەسەربەخۆیی‌یەوە ژیانی خۆم بەرمەسەر.."

بەم جۆرە هیشوو بەژیانی خۆی ئەوراستییە دەخاتە روو کەلەنیوان مافی ئینسانی ژنانی کوردستان و سەرجەم ژنانی ولاتانی رۆژهەلات و فەرهەنگی باودا کەلەپشتی‌یەوە دەسەلات و یاساکانی کەسایەتی و ئاکار و بیروباوەرو سونەتەکانی ئیسلام و ناسیونالیزم راوەستاوە، دژایەتی‌یەکی ئاشکرا هەیە کەراستەوخۆ پیچەوانەیە لەگەل ماف و ئازادی‌یە فەردی ومەدەنی‌یەکانی ژناندا. ئەوەی هیشوو بەمیهرەبانی‌یەوە لەباوکی مالئاوایی دەکاو داوادەکات لییی‌گەریت ژیانیکی سەربەخۆ بۆخۆی هەلبژیری و ئەوەشی باوکی و خیزانەکەی لەم داوایەی تیناگەن وبە لیدان و شەقو زیندانی کردن و پاشان قەسابی کردنی جەستەی وەلامی دەدەنەوە، گوزارشت لەکۆمەلگایەك دەکات کە ژنان تیدا نەك ماف و ئازادی‌یەکانیان بۆ بەرەسمی ناناسیندری بەلکو بەسەرچاوەی "عار"بۆ خیزان و لکەدارکدنی شەرەف دادەنری. کوشتنی هیشوو دریژکراوەی شەپۆلیکی ژن کوشتنە کەلەدوای دەسەلات گرتنی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردەوە لەکوردستانی عیراق بۆتە مودیك . کاربەدەستان و دەسەلاتیك کەلەکوردستانی عیراقدا دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، پشتیان بەشەریعەتی ئیسلامی و پیاوسالاری‌یەوە داوە وفەرهەنگی کۆنەپەرستانەی عەشیرەتی وقەومی‌یان لەکۆمەلگادا بەپیرۆز راگرتووە و هاوکات قانونی ئەحوالی شەخسی وسزای بەعسیان کردۆتە بناغەی پیوانەکان وسەلماندنی مافەکانی ژنانی کوردستان وبەم جۆرەش ژنان نەك هیچ ماف وئازادی‌یەکیان بۆ بەرەسمی ناناسری، بەلکو کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەفەوە لەقانوندا تەبریرکراوە و رۆژانەش ئەم یاساو بریارانە لەمزگەوتەکان و قوتابخانەو دەزگاکانی دەولەتەوە پەخشاندەکرینەوە ووەختیکیش تاوانەکانی ناموسپەرستی روودەدەن تاوانباران ئازاد دەکرین ولەم ریگایەشەوە کۆمەلگایان وا بەبار هێناوە کەسەخترین ونامرۆڤانەترین کارەسات دەرهەق بە ژنان و کچان قبول بکات. رووداوەکانی کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف لە کوردستانی عیراق لەماوەی 12 سالی رابوردووی ژێر دەسەلاتی یەکیتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستاندا تا ئیستا گە یشتووە بە 9 هەزار ژن و رۆژانەش بۆ ئەم ژمارەیە زیاد دەبیٚ. هەموو ئەم روداوانەش قوربانی‌یەکانی ژنانێك بوون کە بەهۆی پەیوەندگرتن وەیا داواکاری بۆ جیابوونەوە و هەلبژاردنی ئازادانەی هاوسەرو لەبەرکردنی پۆشاکی دلخوازی خۆیان وەیا رازی نەبوونیانەوە بووە بەوەی کەبراو باوکیان بەزور بەشویان بدەن.. کارەساتی کوشتنی هیشوو دریژکراوەی واقعیەتەکانی کۆمەلگایەکە کە پیاوسالاری وفەرهەنگی قەومی وئیسلامی تیا بەسەر ژیانی خەلکەوە داسەپیندراوە..

بەلام ئەوەی کە هیشوو دەیان ژنی‌تر لەکۆمەلگایەکی ئازاد و موتەمەدینی وەك بریتانیا و ئەوروپا، کەلانی کەم مافەکانی ژنان بەیاسا تیا چەسپاوە لەگەل کارەساتەکانی کوشتن بەرەو رووەکاتەوە، بەئەکید دەسەلاتدارانی ئەم وولاتەش لەبەردەم بەرپرسیاریتی یەکی راستەخۆدا دادەنی.

دەولەتی بریتانیا کە لەلایەك بەپی‌ی سیاسەتی"مولتی‌کەلچەرالیزم" ئیحترام دادەنی بۆ فەرهەنگی ئیسلامی ومیللی نیو پەنابەرانیك کە لە رۆژهەلاتەوە هاتون فرسەتی داوە بەوەی کەمندالان وکچانی ژیر 16 سالانە بەزۆر لەلایەن دایك وباوکیانەوە حجاب وەیان خەتەنە بکرین وبەبیٚ ئیختیاری خۆیان بخرینە نێو قوتابخانە ئایینی‌یەکانەوە ولەچوارچیٚوەی داب ونەریتی نەتەوەیی وئیسلامی و خۆمالیدا لە قالب بدریٚن. لەلایەکی تریشەوە سیاسەتی جیاکاری دەولەت وراگرتنی ژیانی پەنابەران لەدەرەوەی شاری‌ی شارستانی و بی بەشکردنیان لەمافی هاولاتی بوونی یەکسان، بەپییوست ژیانی ژنان وکچانی پەنابەر لەچوارچیوەی هەمان فەرهەنگی پیاوسالاری و ناموسپەرستی وهەلومەرجی توندوتیژی خیٚزانیدا رادەگری و ئەوان بەدیار تاوانەکانی کوشتنی ناموسی‌یەوە رادەگری و هەر کاتیٚکیش ئەم تاوانە خولقا دەولەت بەبەهانەی پیرۆزی "فەرهەنگی نەتەوەیی وشەریعەتی ئیسلامی"ەوە، پاساو بۆ تاوانباران دەهینیتەوە ووەك هەر هاوولاتی‌یەکی‌تر لەبەردەم یاساکانی

سزادا، چونیەك سزا نادری. ئەوتا سزای باوكی هیشوو بەپاساوی "كاریگەری فەرهەنگ" لەسزای ئەبەدیەوە، بۆ زیندانی 14 سال داشكیندرا. بەمجۆرە دەولەت وسیاسەتەكانی روویەكی‌تری بەرپرسیاریتی روودانی تاوانەكانی كوشتنی ژنانن ..

بەلام لەیادی دووسالەی كوشتنی هیشوودا ئەوپرسیارە خۆی دینتەوە پیشەوە كەدەلیت: دەبی چی بكری بۆ ئەوەی كەهیشوەكانی تر و هەموو ئەو ژنانەی كەژیانیان لەبەردەم تاوانەكانی كوشتنی ناموسیدایە رزگاربكری؟ دەبی چی‌بكری بۆئەوەی دەستی فەرهەنگی پیسی پیاوسالاری و كاركردەكانی لەسەر ژیانی كۆمەلگای كوردی كۆتابكریت؟

كۆتایی هینان بە تاوانەكانی كوشتنی ناموسی ژنان كاری ئیمەیە.. یادی دووسالەی كوشتنی هیشوو پیمان دەلی كەئەوە تەنها ئیمە ژنانی ئازادەو ریكخراوەكانمان وهەموو خەلكی ئازادیخواز بزوتنەوەی سكولاریزمە دەتوانی هیزی گیرانەوەی حورمەتی ئینسانی بۆ نیوەی كۆمەلاگاو سرینەوەی ئەم پەلە رەشەبیت لەژیانی ملیۆنەها كچان و ژنانیكدا كە تینوی ئازادی و خۆشبەختین. بەلی ئیمە دەتوانین لەریگای هینانە مەیدانی هیزی كۆمەلایەتی خۆمان و راكیشانی سەرنجی كۆمەلاگا بۆپلاتفۆرمی داواكانمان ولەم ریگایەشەوە هەموو ئەو دەسەلاتانەی ژیانی ژنان بەهەر بەهانەیەكەوە لەكویلەیەتی و ژیردەستەیدا رادەگرن، بخەینە ژیر فشارەوە و ناچاریان كەین بە ئالوگۆری گەورەی كۆمەلایەتی.

ئیمە هەروەك چون لەرووداوی كوشتنی هیشوودا راستی رووداوەكەمان بەكۆمەلگا راگەیاند و هەموو ئەو پروپاگەندانەی كەدەیانویست تاوانەكە پەردەپۆشكەن بەدروبخەینەوە و لەنیو دەزگاكانی راگەیاندندا پەردەلەسەر كارنامەی دژە ژنی دەسەلاتدارانی ناسیونالیزم و ئیسلام و سیاسەتی فرەكەلتوری دەولەت لەبەرامبەر ژنانی كوردستاندا هەلدەینەوە و پۆلیس و دەزگاكانیان ناچاربكەین بەوەی كەدەبی سزای تاوانبار وەك هەر تاوانیكی تر بدری، ئیستاش دەتوانین لەدریژەی ئەم هەلسوران و چالاكیانەدا بەرنامەی خۆمان بۆ كۆتایی هینان بەدیاردەی كوشتنی ژنان بەدەستەوە بگرین و تا داسەپاندنی بەسەر دەولەتدا تیبكۆشن.

ئیمە لەسالیادی هیشوودا بەخستنەرووی ئەم لائیحەیە بۆبەردەم رای گشتی و هەموو ریكخراوەكانی ژنان و دەسەلاتداران هەنگاوەكانی خومان بەریندەكەینەوە و داوە لەهەمووان دەكەین كە بۆ چەسپاندنی لەكەنار ئیمەو ژیانی ئەو ژنانەدا رابووەستن كە كوشتن هەرەشەیان لیدەكات.

## لائیحەی داواكانمان لە پیناو بەرگرتن بەكوشتنی ژنان بەبەهانەی ناموسی:

1–یەكسان بوونی هەمووان لەبەرامبەر یاسادا, هیچ بەهانەیەك قبول نەكریت بۆ ئەو كەسانەی كوشتن وتوند وتیژی لەدژی ژنان ومنالان ئەنجام دەدەن. وهیچ تەبریریكی فەرهەنگی دینی وقەومی وپیاوسالاری بۆ ئەم تاوانانە قبول نەكریّ. ژنانی پەنابەر وەك هەموو ژنانی بریتانیا یەكسانن لەماف و ئازادی‌یە فەردی و مەدەنی‌یەكانیان, وژێر پێنانی ئەم مافە لەلایەن براو باوك ومیردەوە بەتاوانی گەورە حساب بكریت.

2–حیجابی كچانی خوار 16 سال و خەتەنەی منالان قەدەغەیە وەدەبیت بەیاسایەك رابگەیەندریت.

3–هەلوەشاندنەوەی قوتابخانە ئاینی‌یەكان وراگرتنی هەرجۆرە ئیمكاناتێكی دەولەتی بۆ دامەزراوەیەكی ئاینی وقەومی كە ناكۆكی‌یان هەیە لەگەل ئازادی ومافە شەخسی‌یەكانی ژنان ومنالان.

4–كۆتایی هێنان بە جیاكردنەوەی كەمایەتی‌یەكان وهەلوەشاندنەوەی سیاسەتی كەمپسازی پەنابەران ودانانی بەرنامەیەكی چالاك بۆ تیكەلاوبوونی ژنان ومنالانی پەنابەر و پەروەردەكردنیان بە فەرهەنگی پیشكەوتوو ئینسانی وهاوچەرغ.

5–دەولەت ئەركیەتی كە لە دژی هەرجۆرە فەرهەنگیكی پیاوسالار وناموسپەرستانە ودژە ژن بوون رابوەستی ولەرێگای دەزگاكانی راگەیاندنەوە بەرنامەی هۆشیاركردنەوە وڕۆشنگەری لەنێو پەنابەراندا بەفراوانی بەریتە پیشەوە.

6–حساس بوونی دەولەت بەهەرەشەكانی كوشتنی ژنان و توند وتیژی‌یەك كەلەنێوان خیزانی پەناپەراندا بەرەو رووی ژنان دەبیتەوە لەمبارەوە كردنەوەی شیلتەر بۆ پارێزگاری لەژنان وناوەندی فریاگوزاری وبەهانا چوونی خێرای ئەو ژنانەوە كە مەترسی كوشتن وزەبروزەنگیان لەسەرە.

7–فشار هینان بۆ دەولەتانی رۆژهەلات لەوانەش بۆ دەسەلاتدارانی‌كوردستان بۆ هەلوەشاندنەوەی یاسای باری كەسیتی وسزا كەپشتیان بە شەریعەتی ئیسلام وموقەدەساتی قەومیەوە داوە و لەجێگەیدا پەیرەوی‌كردن لە یاسایەك كەمافی یەكسانی ژن وپیاو لەهەموو بوارەكاندی ژیاندا بسەمێنی..

سەوسەن سەلیم

بەرپرسی كەمپینی جیهانی بۆ كۆتایهێنان بە كوشتنی ناموسی ژنان

**2004/10/8**